## كۆمیتەی نێونەتەوەیی بۆ هەڵبژاردنەكانی عێراق (IMIE)

### راپۆرتی یەكەم: هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەكانی پرۆسەی هەڵبژاردنی 30ی ژانیوەری

كاتژمێر 19:00 بە كاتی عەممان- بڵاوو كراواتەوە.


چوارچێوای یاسایی
ناونووسیی دەنگدەران
ئامادەكاریی هەڵبژاردن
ئاگاداری و فێركردنی دەنگدەران
یەكسانی دەرفەتەكانی راگەیاندن
ناونووسیی و دەنگدان لە دەرەوەی ووڵات
بنەماسازیی بۆ گازندەكانی پێش_دەنگدان
مۆڵەت بەخشین بە پارتە سیاسییەكان و هاوپەیمانییەكان وكاندیداكان دەنگدان
دەنگژماردن و كۆكردنەوەی ئەنجامەكان
گازندەكانی پاش دەنگدان


**كورتە پەیرەوێك :-**

كۆمیتەی نێونەتەوەیی هەڵبژاردنەكانی عێراق IMIE لە دیسامبری 2004 دا دروست كراوە، تاوەكو رۆڵ ببینێت لە پلانرێژی راوێژكاری و هەڵسەنگاندندا دەربارەی سێ هەڵبژاردنەكەی ئەمساڵی عێراق. ئەم كۆمیتەیە لە چەند رێكخراوێكی سەرپەرشتیكەری هەڵبژاردن پێكهاتووە كە سەر بە نەتەوەی جیاوازن. كۆمیتەی نێونەتەوەیی هەڵبژاردنەكانی عێراق IMIE راوێژ و پێداچونەوەی هەمئاهەنگانە ئامادە دەكات بۆ كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراق IECE. یەكەمیین هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەكانیIMIE لە سەر هەڵبژاردنەكانی عێراق، لە رێگەی دەستەیەك زانیاری و سەرچاوەوە ئامادە كران، لەناوەوە و لە دەوروبەری عێراق. هەروەها كەڵك لە راپۆرتەكانی پسپۆرانی IMIE وەرگیرا. راپۆرتەكە هەڵسەنگاندنی یانزدە بوار لەخۆ دەگرێت: ئەو یازدە بوارە لەلایەن (لیژنەی سەرپەرشتیاری IMIE )وە لە كۆبونەوەی لەندەن لە رێكەوتی 4-5 جەنیڤێری 2005 دەستنیشان كران:-

- چوارچێوای یاسایی
- ناونووسیی دەنگدەران
- ئامادەکاریی هەڵبژاردن
- ئاگاداری و فێرکردنی دەنگدەران
- یەکسانی دەرفەتەکانی راگەیاندن
- ناونووسیی و دەنگدان لە دەرەوەی وولات
- بنەماسازیی بۆ گازندەکانی پێش_دەنگدان.
- مۆڵەت بەخشین بە پارتە سیاسییەکان و هاوپەیمانییەکان وکاندیداکان
- دەنگدان
- دەنگژماردن و کۆکردنەوەی ئەنجامەکان
- گازندەکانی پاش هەڵبژاردن

هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکانی ئەم ڕاپۆرتە تەنها شەش خاڵی یەکەم دەگرنەوە. بە پێی فەراهەمبوونی زانیاری و شییکردنەوەی نوێ، لە دوای هەڵبژاردنەکەی 30 جەنیڤێری، ئەم هەڵسەنگاندنانە تازە دەکرێنەوە. هەڵسەنگاندنەکانی پسپۆران لە سەر بوارەکانی دیکە لە قۆناغی ئامادەکردندایە و لەگەڵ تەواوبوونیاندا بڵاوو دەکرێنەوە. IMIE لە تەواوی هەڵسەنگاندنەکانی خۆیدا IECI بەشدار دەکات و هەروەها بۆ هەموو خەڵکیان بڵاوو دەکاتەوە.
ڕاپۆرتەکە خاڵە بەهێزەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمڕۆ دەستنیشان دەکات، و هەروەها ئەندازە و لێهاتووی ڕێکخستن و پلانکێشییەکانی IECI بۆ هەڵبژاردن و رادەی سەربەخۆیی IECI دیاری دەکات. هەوەها ئەو بوارانە دەستنیشان دەکات کە پێویستە پەرەیان پێ بدرێت، لەوانە: روونی مەسەلەی خەزێنە سەبارەت بە کۆمەکەکان و خەرجییەکان، و گەشەپێدانی پرۆسەی ناونووسکردنی دەنگدەران و پێداچونەوەی پێوەرەکانی شییاویی خۆپاڵاوتن. IMIE پێیوایە کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق چوارچێووەکارییەکی ئەوتۆی بۆ هەڵبژاردن ئامادە کردووە کە بە شێوەیەکی گشتی لەئاستی پێوەرە باوەڕپێکراوەکاندایە لە رووی یاسای دەنگدان و پلانڕێژی ئامادەکارییەوە.

**چوارچێوەی یاسایی:**
IMIE پێیوایە کە ئەو چوارچێوە یاساییەی کە ئێستا پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەڕێوە دەبات گونجاوە لەگەڵ پێوەرە دیموکراتییە باوەڕپێکراوەکاندا. و تەواوی ئازادییە پێوەندیدارەکان گەرەنتی کراون. و گەرەنتی گرنگ دەستەبەر کراوە بۆ ئافرەتان و کەمینە رەگەزییەکان. و بە شێوەیەکی گشتیی چوارچێوە یاساییەکە پشتگیریی گەمەی رەواو پێشبڕکێی کراوە دەکات لە نێوان لایەنەکاندا.

لە هەمان کاتدا ئەم هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەی چوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکان چەند

مەسەلەیەکی دەستنیشان کردوە کەIMIE پێی باشە لە ئایندەدا لەگەڵIECI دا زیاتر تاووتیۆیان بکات و پێیاندا بچێتەوە.

هەروەها IMIE پێباشە لە ئایندەدا گفتوگۆ لە سەر مەسەلانەی خوارەوە بکات لەگەڵ IECI دا:- نەبوونی کاتی دیاری کراو بۆ بڕیاردان لە سەر ئەو گازندە و داواکارییانەی کە لە لایەن بەرپرسانی هەڵبژاردنەوە بەرز دەکرێنەوە ؛ ئاگادارکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و کاندیداکان لە سەر ئەو بڕیارانەی کە لە سەر بەڵگەنامەکان دەدرێن؛ راگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکان و بڵاوکردنەوەی ئەنجامە رەسمییەکان؛ و رێوشوێن دانانی یاسایی بۆ کۆمەک کردنی لایەنە سیاسییەکان و روونی و ئاشکرایی لەم بوارەدا.

IMIE ئاماژەی بەوە کردووە کە دەبێ تەمەنی کاندیدا سی ساڵ کەمتر نەبێت، و لانی کەم خاوەن بڕوانامەی دواناوەندی بێت، وەلێ ئەم خاڵە دەکرێ گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت.

هەرچەندە ئەو بنەمایانەی کە IECI لەم چەند مانگەی دوایدا دایناون زۆر باشن، بەڵام ئەشێ بەهۆی یاسازی زۆرەوە ، بە شێوەی جیاواز دووبارە بووبنەوە. لەبەر ئەوە ئەشێ هەندێکیان رۆڵیان نەمابێت. پێئەچێت یەکێ لە رێگاکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئەوە بێت کە IMIE هەموو بەندە یاساییەکان لە یەک چوارچێوەدا کۆ بکاتەوە بەر لەوەی کاتی هەڵبژاردنەکانی 2005 بێت.

**ناونووسیی دەنگدەران:-**

ناونووسکردنی دەنگدەران خاڵێکی ناوەڕۆکییە لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا. ناونووسیی دەنگدەران ئەو خاڵەیە کە رادەی سەختیی پرۆسەی هەڵبژاردن دەردەخات بۆ سەرپەرشتیکەران. لەبەر رۆشنایی ئەمە، IMIE پێی خۆشە بۆچوونی خۆی بە IECI رابگەیەنێت لە سەر ئەو نەخشە گشتییانەی کە IECI دایناون بۆ دامەزراندنی تۆمارێک بۆ دەنگدەران لە عێراق. بڕیاری پشتبەستن بە فۆرمەکانی دابەشکردنی خواردەمەنی ، بڕیارێکی دانا بوو لەم دۆخەی ئێستادا، و ڕەنگە فاکتەرێک بێت بۆ بەدەستهێنانی گشتگیریی زیاتر.

هەروەها شتێکی چاکە کە یاسا پێوەندیدارەکان و بنەماکانی IECI بۆ ناونووسکردنی دەنگدەران بونیادێکی زۆر ساکاری هەیە. پێشکەشکردنی رەشنووسی بناماکان بە شێوەیەکی ئاوها سادە و گشتیی رێگە بە نەرمونیانیی زیاتر دەدات، تا گونجاوتر بێت لەگەڵ دۆخە نا جێگیرەکاندا.

تۆمارکردنی دەنگدەران وەها بونیادنراوە کە لانی کەم هەندێک بەشداریی جەماوەریی پێوە دیارە، ئەمەش دەسکەوتێکی ئێجگار گرنگە لەم دۆخە ئەمنییەی ئێستادا. چوارچێوەی ناونووسکردنەکان وەسفێکی تێروتەسەل پێشکەش دەکات لە سەر ئەوەی کێ مافی

خۆناونووسکردنی هەیە وەکو دەنگدەر، هەروەها وادەکات کە زانیارییەکان چالاکانە بخرێنە بەردەستی هەمو خێزانێک تا بەدڵنیاییەوە هەمو تاکێک بەشێوەیەکی دروست ناونووس بکرێت لە تۆماری سەرەتایی دەنگدەراندا. ئەم چوارچێوەیە دەرفەت بە هەمو کەسێک دەدات کە لەحاڵەتێکدا ئەو زانیاریانەی تۆمارکراون نوقسان بن ، تەواویان بکات، و ئەگەر زیاد بن لێیان لابەرێت ، یان ئەگەر هەڵە بن راستیان بکاتەوە. چاودێرانی دیاریکراو و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان دەتوانن لە بنکەکانی دەنگدان ئامادە بن.

هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکانی IMIE لە هەمان کاتدا چەند مەسەلەیەکی دیاری کردوە بەو نیازەی کە IECI زانیاری زیاتریان لەبارەوە پێشکەش بکات. بەشێکی زۆری بەرنامەی کار و بەشێک لە بەرنامەی رەێکخستن هێشتا ئامادە نەبووە بۆ پێداچوونەوە، لەوانە: بواری وەکو گەڵاڵەکردنی زانیاری تایبەت بە ناونووسیی ؛ دەرکردن و دابەشکردنی فۆرم ؛ و تۆمارکردن لە رۆژی دەنگداندا. بە هەمان شێوە دەبێ زانیاری زیاتر ئامادە بکرێت لە سەر ئەو گۆڕان و راستکردنەوانەی کە لە سەر فۆرمەکان دەکرێن، و کۆی ئەو کەسانەی زیاد دەکرێن لە سەر هەر فۆرمێک، و ژمارە و شوێنی ئەو فۆرمانەی رەتدەکرێنەوە و هۆی رەتکردنەوەیان. لە کۆتاییدا پێویستە زانیاری زیاتر دەستەبەر بکرێت بۆ ئەوەی دوا لیستی دەنگدان بخەملێنرێت. لە کاتێکدا کە جێگای تێگەیشتنە کە IECI توانای دەستەبەرکردنی گشت زانیارییە پێوەندیدارەکانی نییە لە ماوەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام پێشکەشکردنی ئەو زانیاریانە ( هەر کاتێک دەستەبەر بن) رادەی روونی پرۆسەکە زیاتر دەکەن و رێگەی هەڵسەنگاندنی زیاتر دەدەن سەبارەت بە پرۆسەی ناونووسیی.

**ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن:-**

هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکان سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنەکانی 30 جەنیڤێری 2005 بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستوە بە یاساکانی پێوەندیدار و بنەماکانی IECI و هەروەها بە پلاننامەی چالاکییەکانی IECI . دەکرێت هەڵسەنگاندنی سەرەتایی سەبارەت بە چەند بوارێکی گرنگ پێشکەش بکرێت، لەوانە:-

**ماوەی هەڵبژاردن:-**

مادەی 21ی بنەماکانی IECI – سێپتامبری 2004 (هەڵمەتی راگەیاندن):- ئەم مادەیە ماوەی رەسمی هەڵمەتی راگەیاندنی دیاری کردوە: 5ی دیسامبری 2004 تاوەکو 27ی جەنیڤێری 2005. بە لەبەرچاوگرتنی ماوەی رەسمی هەلبژاردن لەو ناوچانەی کە هەڵبژاردنی پەرلەمانییان هەیە، شەش حەوتە ماوەیەکی گونجاوە بۆ هەڵمەتی راگەیاندن.

**رۆژنامەی هەڵبژاردن:-**

IECI پلاننامەیەکی فراوانی ئامادە کردوە بۆ سازدانی هەڵبژاردنەکان کە ئامادەکاریی دەنگدان و بەرنامەی دەنگدان و دەنگ ژماردن و گێڕانەوەی کەرەستەکانی دەنگدان لە خۆ دەگرێت. کاتی دیاریکراو دەستنیشان کراوە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە چالاکی جیاجیا، لەوانە دەور و تەسلیمکردنی کەرەستەکانی دەنگدان؛ دامەزراندن و راهێنانی سەرپەرشتیارانی

دەنگدان؛ دامەزراندنی ناوچەی ئەمنیی لە دەوروبەری بنکەکانی دەنگدان؛ مۆڵەت بەخشین بە لایەنە سیاسییەکان و لیستی کاندیداکان؛ ناونووسکردنی نوێنەرانی لایەنەکان و چاودێرانی هەڵبژاردن ؛ هەروەها بەرهەمهێنانی پسولەی دەنگدان. پلاننامەکە بە شێوەیەکی رێکوپێک دارێژراوە و کار لە سەر پێکهاتە سەرەکییەکانی چالاکییەکان دەکات کە مەرجن بۆ هەڵبژاردنی سەرکەوتووانە.

**دەستنیشانکردن و راهێنانی سەرپەرشتیارانی هەڵبژاردن:-**

وا مەزەنە دەکرێت کە نزیکەی 200000 سەرپەرشتیاری دەنگدان پێویست بێت بۆ هەڵسورانی هەڵبژاردنەکە. پلاننامەکە پێی وایە کە زۆربەی سەرپەرشتیارانی دەنگدانەکە بریتیی دەبن لە مامۆستایان. وەزارەتی پەروەردە ئامادەیە کە رێگا بە مامۆستایان بدات کە وەکو سەرپەرشتیاری دەنگدان کار بکەن، و کاتی پێویستیان بدرێتی بۆ راهێنان. پلانی دامەزراندنی ستافەکانی بنکە و مەڵبەندەکانی دەنگدان گونجاوە لەگەڵ پێوەرە نێونەتەوەییەکاندا، و وەها چاوەڕوان دەکرێت کە پرۆسەیەکی کاریگەری دەنگدان پێشکەش بکات لە رۆژی هەڵبژاردندا.

**بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کەرەستەکانی هەڵبژاردن:**

دەستە پلانی وورد و درشتی دابرشکردنی کەرەستەکان کۆکراونەتەوە و خراونەتە بەردەستی بەرپرسانی گەیاندن و مەڵبەندە هەرێمییەکانی گەیاند و ستافەکانی IECI لە ناوچەکان. بەرنامەی تایبەت ئامادە کراوە بۆ گواستنەوەی کەرەستەکان بۆ بنکەکانی گەیاندن، بە پێی تەرتیب و کاتی دەستنیشانکراو. پلانی دابەشکردنی کەرەستەکان بیری ووردی لێکراوەتەوە، لە رووی ئاسایش و بنکەکانی گەیاندنەوە.

**دامەزراندنی مەڵبەندەکانی دەنگدان بە شێوەیەکی گونجاو:**

5800 بنکەی دەنگدان هەیە، کە 2900 مەڵبەندی دەنگدان لەخۆدەگرن لە سەرانسەری عێراقدا. بە پێی پلانەکان دەبێ هەر بنکەیەکی دەنگدان( لانی زۆر) 5000 دەنگدەری بهرکەوێت، و هەر مەڵبەندەو (لانی زۆر) 500 دەنگدەر، واتا هەر بنکەیەو شەش مەڵبەندی بەر دەکەوێت. هەر مەڵبەندەو (لانی زۆر ) 500 دەنگدەر، گونجاوە لەگەڵ پێوەرە پەسەندکراوەکاندا.

بۆ زۆربەی مەڵبەندەکانی دەنگدان قوتابخانە بەکاردەهێنرێت- ئەمە بڕیارێکی بەجێیە لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە کە هاتوچۆی ئۆتۆمبیل زۆر سنووردار دەکرێت لە رۆژی دەنگداندا. قوتابخانە عادەتەن لە سەنتەری گەڕەکەدایە، و شوێنی قوتابخانە زۆر ئاشکرایە بۆ خەڵکیی. پاشان قوتابخانە عادەتەن پێویستیی سەرەکیی ئەوتۆی تێدایە کە دەکرێت وەکو مەڵبەندی دەنگدان بەکاربهێنرێت لەلایەن ستافەکانی دەنگدانەوە.

**دابینکردنی ئاسایش بۆ دەنگدەران:-**

پلانرێژی ئەمنیی خاڵێکی سەرەکییە بۆ هەڵسوڕانێکی سەرکەوتووانەی ئەم هەڵبژارنانە. پلانەکانی دابەشکردنی پیاوانی ئاسایش زۆر ووردودرشتن، بەو ئومێدەی ئەمە چالاکانە رێوشوێنی سەلامەت بۆ دەنگدەران دابین بکات.
بە گشتی پلانرێژی چالاکییەکان و ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن زۆر بە چاکی گەشەیان پێدراوە، بە پێی ئەو بارودۆخانەی کە پێشتر تێبینی کراون. IMIE لە خۆسازدانیدا بۆ ئامادەکردنی دوایین راپۆرت لە سەر ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن، ئەو پلان و بەرنامانە تاقی دەکاتەوە.

**ئاگاداری و فێرکردنی دەنگدەران:-**
ئەم هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەی ئاگاداری و فێرکردنی دەنگدەران سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی 30 جەنیڤێری 2005، پشتی بەستوە بە چوارچێوە یاسساییەکە و بە سەرچاوە جەماوەرییەکانی زانیاری.

لە نێوان چەندین چالاکیی هەمەجۆردا، IECI داوای لێکراوە کە "یارمەتی بونیادنانی پشتگیریی کۆمەلایەتی و دروستکردنی متمانە بدات سەبارت بە پرۆسەی هەڵبژاردن لە سەرانسەری عێراقدا" { CPA یاسای ژمارە 92- کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەشی 3.3 ء} . ئەمەش رۆڵی گرنگی IECI، لەڕووی فێرکردن و ئاگادارییەوە، دەردەخات. شییکردنەوەیەکی ماڵپەڕیIECI ستراتیجییەتێکی دوولایەنە نیشان دەدات سەبارەت بە فێرکردن و ئاگاداری دەنگدەران: یەکەم بەکارهێنانی میدیا و دووەم بنەمای نزیکبوونەوە. بنەمای نزیکبوونەوە میثۆتۆدۆلۆجییەکی بەناوبانگە کە ئازادی رادەربڕین ئاسان دەکات، و رێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە دەنگدەران پرسیار بکەن و دەستبەجێ وولام وەربگرن، ئەمە بە تایبەتی بۆ ئەو خەڵکانەی کە لە شوێنە دوورەدەستەکان دەژین و رەنگە راگەیاندن نەگات پێیان، لەوانە کەمایەتییەکان و گرووپە پەراوێزخراوەکان.

هەروەها IMIE هەوڵدەدات زانیاری دیکەی دەستکەوێت لە سەر ئەو رێگایانەی کە IECI بەکاری هێناون بۆ جێبەجێکردنی پلانی فێرکردن و ئاگادارکردنەوە. لەنێو ئەو بابەتانەدا کە زانیاری زیاتری لە سەر کۆدەکردەکرێنەوە ئەمانەن: جۆر و نمونەی ئەو ڕێگایانەی کە IECI گەڵاڵەی کردون بۆ فێرکردنی مەدەنی، و جێبەجێکردن و نیشانەکانی سەرکەوتنی پلانی فێرکردن، و ئاگاداریکردنەوەی دەنگدەران سەبارەت بە مافە دیموکراتییەکانیان.

IMIE پێی وایە کە لە دوای 30ی جەنیڤێری زانیاری تەواو فەراهەم دەبێت دەربارەی بوارە هەڵواسراوەکان . بەو نیازەی کە کە هەڵسەنگاندنەکە لە رێگەی راپۆرتی دەستی یەکەمەوە و لە رێگەی ئەو نمونانەی کە کەوتونەتە بەر دەستی خەڵکیی و هەروەها لە رێگەی تێکستی نووسراوی پروپاگەندەکانی رادیۆ تەلەفزیۆنەوە تەواو بکرێت. بەم شێوەیە دەکرێت رادەی جێبەجێ کردنی پلانە سەرەتاییەکە بپێودرێت، و هەروەها خاڵەکانی سەرکەوتن و سەختیی پلانەکە دەستنیشان بکرێن. IMIE بەدوای زانیاری زیاتردا دەگەڕێت دەربارەی ئەم خاڵانەی

خوارەوە:

- رادەی بەرپرسیارێتی لە ناو خودی IECI دا سەبارەت بە هەڵمەتی راگەیاندن و هەڵبژاردن و روونکردنەوەی پەیامەکان.
- پێوەندی بەرپرسانی ئاگاداری جەماوەریی بە نووسینگەی سەرەکی IECI وە و چالاکی و بەرپرسیارێتییەکانیان لە نوسینگە حکومییەکانی هەڵبژاردندا.
- هاوکاری نێوان IECI و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی .
- رۆڵی رێکخراوە ناحکومییەکان لە پرۆسەکەدا.
- فەراهەمبوونی شتەکان بە زیاتر لە زمانێک.
- ئەو گرفتە سەرەکییانەی کە ئەکرێت دەستنیشان کرابن.

**یەکسانی دەرفەتەکانی راگەیاندن:**

بۆ ئامادەکردنی ئەم هەڵسەنگاندنەی دەرفەتەکانی راگەیاندن، IMIE تەنها چوارچێوە یاساییە پێوەندیدارەکانی لە بەردەستدا بوو. لەبەر ئەوە لەم کاتەدا ئاشکرا نییە کە لە راستیدا تا چی رادەیەک دەرفەتی راگەیاند لوابوو بۆ لایەنەکان. ئەمە بابەتێکە کە لە ئایندەدا IMIE شییکردنەوەی دیکەی لە سەر ئەکات، و بەبابەتێکە کە زانیاری تێروتەسەلی لە سەر کۆدەکرێتەوە لە رێگەی سەرچاوەو سامانی زانیارییەوە لە ناو عێراق.

کۆمیسیۆنی نیشتیمانی پێوەندیکردن و راگەیاندن NCMC ئەو رێکخراوەیە کە بە مەبەستی رێکخستنی راگەیاندن دامەزراوە. ئەم رێکخراوە "بەرنامەی پەخشی کاتیی دەرکرد" ، و لە رێگای ئەوەشەوە بەرنامەی رێکخستنی راگەیاندنی دەرکرد بۆ ماوەی هەڵبژاردنەکان. ئەم بەرنامەیە لە سەرەتای هەڵمەتی راگەیاندنەوە کەوتە کار. ئەم بەرنامەیە ئەو خاڵانەی تیایە کە پێشبینی هەبوونیان دەکرێت، بەپێی بەراوردکاری نێونەتەوەیی.

لە سەرەتای دەست بەکارکردنی (کۆمیسیۆنی نیشتیمانی پێیوەندیکردن و راگەیاندن NCMC)ەوە، حکومەت لیژنەیەکی باڵای راگەیاندنی دامەزراندووە. بەڵام پێوەندی نێووان ئەم دوو رێکخراوە تا ئێستا روون نییە، و روون نییە کامیان دەسەڵاتییان زیاترە بۆ هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنی ئەو گازندانەی گومان دەخەنە سەر بێلایەنیی راگەیاندن. IMIE سنووری بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە لەگەڵ IECI دا دەخاتە بەر تاوتوێکردن و پێداچوونەوە.

هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکانی IMIE، نائامادەگییەکی ئاشکرای چاودێریی بێلایەنانە دەردەخەن لەم هەڵبژاردنانەی عێراقدا. ئەمە پرسێکی گرنگە و IMIE دوای دەکەوێت لە میانەی گفتوگۆگانیدا لەگەڵ IECI دا. ئەم پرسە بە تایبەتی گرنگە بۆ ئەوەی چاودێریی بێلایەنانەی راگەیاندن بۆ هەڵبژاردنەکانی دیکەی 2005 گەرەنتی بکرێت.

**ناونووسیی و دەنگدان لە دەرەوەی وڵات:-**

ناونووسیی و دەنگدان لەدەرەوەی وڵات بۆ هەڵبژاردنەکەی 30جەنیڤێری 2005، بە راسپاردەی IECI، لەلایەن رێکخراوی نێونەتەوەیی کۆچ IOM وە لەئەستۆگیراوە. ئەم هەوڵەی هەردوو رێکخراوەکە جێگای پێزانینە. دەنگدانی دەرەوەی وڵات ، تەنانەت لە وڵاتە کەلتوور دیموکراتەکاندا، مەرجێکی سەرەکی نییە. بەرنامەی (دەنگدان لەدەرەوەی وڵات) ،لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، لە 36 شاری 14 وڵاتدا دامەزراوە. ئەمە دەسکەوتێکی زۆر گرنگە. IMIE داوای مۆڵەتی لە IECI کرد بۆ ئەوەی چاودێری بەرنامەی (ناونووسیی و دەنگدانی دەرەوەی وڵات) بکات، بۆ ئەم هەڵبژاردنانە، و ئەو مۆڵەتەی پێدرا. IMIE چاودێرانی (دوەەرەوەی وڵات)ی لە 13 وڵات لە کۆی 14 وڵات ( کە بەرنامەکەیان تیا بەڕێوەدەچێ) دامەزراندووە.{ IMIE تەنها لە هۆڵاند نەیتوانی چاودێران دابمەزرێنێت} . ئەم چاودێرانە فۆرمیووردودرشتیان بۆ دابینکراوە، کە پێش 4ی فێبریوەری دەبێ بدرێنەوە بە IMIE. ئەو زانیاریانەی کە دەگەنە IMIE ، بنەماکانی دوا هەڵسەنگاندن دەستنیشان دەکەن. ئەو هەڵسەنگاندنانە بەر لە کۆتایی 2005 دەگەنە دەستی IECI وIOM یش. تێکرای ئەم زانیاریانە لە سەر ماڵپەڕەکەی IMIE بڵاوو دەکرێنەوە.

پێوەری دیاریکراوی نێونەتەوەیی نییە بۆ سازدانی دەنگدان لە دەرەوەی وڵات. بەڵام چەند ئەزمونێکی نوێ لەبەردەستدان لە سەر حاڵەتی پاش نائارامیی کە دەکرێت وەکو زەمینەی بەراوردکاری کەڵکیان لێ وەربگیردرێت بۆ حاڵەتی عێراق. هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکانی IMIE سەبارەت بە( دەنگدان لە دەرەوەی وڵات) بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێ بە چوارچێوەی رێکخستنی ئەو بەرنامەیە.

لەبەر رۆشنایی هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکان، IMIE دەیەوێت ئەم خاڵانەی خوارەوە لەگەڵ IECI بخاتە بەر باس:-

- پێوانەکانی هاووڵاتیبوون و بەڵگەنامەکانی شیباوی دەنگدەر.
- چۆنێتی ژماردنی دەنگەکانی دەرەوەی وڵات لە 14 وڵاتەکەی بەرنامەی (دەنگدانی دەرەوەی وڵات)یان لێ بەڕێوە دەچێ، و گواستنەوەی ئەرشیفەکان بۆ ژووری ئەرشیف لە بەغدا.
- بەڕێوەچوونی ناونووسیی و دەنگدان لە دوو رۆژی جیاوازدا. لە کاتێکدا IMIE گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەمە تاکە رێگە بوو بۆ راپەڕاندنی کارەکە لەم بارودۆخەی ئێستادا، IECI پێی باشە دووبارە لەم خاڵە بکۆڵدرێتەوە بۆ ئایندە.

**بنەماسازیی بۆ گازندەکانی بەر لە دەنگدان :-**

هەڵسەنگاندنی تایبەتمەند لە ئامادەکردندایە بۆ بەرنامەی (بنەماسازیی بۆ گازندەکانی پێش دەنگدان)، و هەر کاتێک ئەنجامەکان فەراهەم بن IMI، E بڵاوویان دەکاتەوە.

هەڵسەنگاندنەکان گرنگی بەم خاڵانەی خوارەوە دەدەن:-

- کارکردنی لایەنە بەرپرسیارەکان لە سەر گازندەکان.
- بنەماسازی بۆ بەرزکردنەوە و تاوتوێ کردنی گازندەکان.
- پڕۆسەکانی لێکۆڵینەوە و ئیدیعا و ئیستیئناف.
- سەرپێچی و سزاکان.

IMIE پوختەی چوارچێوەیەکی یاسایی ئامادە کردووە دەربارەی ڕێکخستنی گازندەکانی پێش دەنگدان. ئەو پوختەیە لە پاشکۆی A دایە.

**مۆڵەت بەخشین بە پارتە سیاسییەکان و هاوپەیمانییەکان وکاندیداکان:-**

هەڵسەنگاندنێکی تایبەتمەند لە ئامادەکردندایە دەربارەی مۆڵەت بەخشین بە پارتە سیاسییەکان و هاوپەیمانییەکان وکاندیداکان ، و IMIE ئەنجامەکان رادەگەێنێت کاتێک کە فەراهەم بن. هەڵسەنگاندنەکە گرنگی بەم خاڵانەی خوارەوە دەدات:

- ڕێکخستنی مۆڵەتنامەکان.
- توانای پارتە شییاوەکان و کاندیداکان بۆ مۆڵەت پێدان.
- میکانیزمی ڕێگەگرتن لە ساختە و گەندەڵی.
- میکانیزمی دڵنیابوون لە ئاستی پێشبرکێ لە راستیدا.
- پابەندییەکانی راپۆرتکردن.
- هەڵوێستی پارتەکان دەربارەی هەڵبژاردنەکان.
- پشتگیریی جەماوەریی بۆ هەڵبژاردن.

**دەنگدان:-**

IMIE هەڵسەنگاندنی پاش هەڵبژاردن لە سەر ئەم بوارە ئامادە دەکات، بە گرنگی دانی تایبەتی بەم خاڵانەی خوارەوە:

- نهێنیبوونی دەنگ.
- یارمەتیدانی دەنگدەران.
- میکانیزمی ڕێگەگرتن لە ساختە.
- ئاسایشی شوێنەکانی دەنگدان.

**دەنگ ژماردن و کۆکردنەوەی ئەنجامەکان:-**

IMIE هەڵسەنگاندنی پاش هەڵبژاردن لە سەر ئەم بوارە ئامادە دەکات، بە گرنگی دانی تایبەتی بەم خاڵانەی خوارەوە:-

- بەرنامەڕێژی بۆ ژماردنی دەنگەکان.

- بەرنامەڕێژی بۆ راپۆرتکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.
- دابینکردنی ئاسایش بۆ کۆکردنەوە و راپۆرتکردنی ئەنجامەکان.
- نوێنەرایەتی پارتەکان – مافی ناڕەزایی دەربڕین.
- مەرجەکانی دووبارەکردنەوەی دەنگژمێری.
- دابەشکردنی کورسییکان.

**گازندەکانی پاش هەڵبژاردن:-**
IMIE هەڵسەنگاندنی پاش هەڵبژاردن لە سەر ئەم بوارە ئامادە دەکات، بە گرنگی دانی تایبەتی بەم خاڵانەی خوارەوە:-

- ئەو دەسڵاتەی گازندەکانی بۆ بەرزدەکرێتەوە.
- بنەماسازیی بۆ بەرزکردنەوە و تاوتوێ کردنی گازندەکان.
- پڕۆسەکانی لێکۆڵینەوە و ئیدیعا و ئیستیئناف.
- سەرپێچی و سزاکان.

**پاشکۆی A :-**
**دەسەڵاتی هاوپەیمانیی کاتیی- یاسای 92:-**
نووسراوی(کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق) بە تەواوی IECI سەرپشک دەکات دەربارەی پەیڕەوکردنی مەدەنی بنەماو بەرنامەکانی خۆی. بڕیارەکان تەنها لە رێگەی (دادگای کاتیی هەڵبژاردن)ەوە دەکرێت ئیستیئناف بکرێن. ئەم دادگایە لە سێ دادوەر پێکهاتووە، و لەلایەن( ئەنجومەنی باڵای داد)ەوە دانراون . بڕیارەکانی ئەو دادگایە دوا بڕیارن.

**یاسای 12:-** ئەم یاسایە دەربارەی ووردەکارییەکانی سەرپێچی کردنە لە هەڵبژاردندا. سەرپێچییەکان ئەمانەی خوارەوە دەگرنەوە:- چەکداریی لە ناو یان لە دەرەوەی بنکەی ناونووسیی و بنکەی دەنگدان و بنکەی دەنگژمێریی؛ شێواندنی پرۆسەی هلبژاردن یان تەگەرە خستنە بەری؛ بەرتیل؛ خۆساختەناساندن و ساختە؛ بەزاندنی بنەمای نهێنیکاری؛ بەیانی نادروست و هەڵخەڵەتێنەر؛ هەندێ چالاکی لایەنە سیاسییەکان لە بابەتی هەڵمەتی راگەیاندن؛ یاساکان سزا بۆ خودی ستافەکان و لایەنە سیاسییەکان و چاودێران و نوێنەرانیش دیاری دەکەن، هەروەها بۆ هەر کەسێک کە دەسڵاتی یاسایی ئەم یاسایانە بوارەکانیان بگرێتەوە. سزاکان ئەمانە دەگرنەوە:- چاککردنەوە؛ غەرامە؛ راکێشانەوەی مۆڵەت؛ ماف نەمانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا؛ لەبارخستنی کاندیدابوون؛ مۆڵەت وەرگرتنەوە لە کەسی چاودێر یان لە ڕێکخراوی چاودێر.

**یاسای 15:-** (دەربارەی ئەو گازندە و ناکۆکیانەیە کە پەیوەنیدارن بە هەڵبژاردنەوە). ئەم بنەمایە دەربارەی بەرزکردنەوەی گازندەکانە. گازندە دەبێ لە ماوەی حەوتەیەکدا لە دوای

ڕوودانی سەرپێچییەکە بەرزکرێتەوە، یان لەماوەی سێ ڕۆژدا دوای ئەوەی کە گازندەکەرەکە بە سەرپێچییەکە دەزانێت. گازندەکە دەبێ نووسراو بێت و دەبێ بەرزبکرێتەوە بۆ نووسینگەی سەرەکی IECI لەبەغدا، بەڵام نووسینگەی شار و هەرێمەکان دەتوانن گازندە بەڕێ بخەن بۆ نووسینگەی سەرەکی. گازندەکە دەبێ ناوی گازندەکەرەکە و چۆنێتی پێوەندی پێوەکردنی تیا نووسرابێت، هەروەها ناو و چۆنێتی پێوەندی گازندەلێکراوەکە ( ئەگەر فەراهەم بێت)، هەروەهاوەسفێکی سەرپێچیکردنەکە و ناوی شایەت و هەر بەڵگەنامەیەک کە پشتگیریی گازندەکە بکات. ئەکرێت لیژنەکەی IECI شایەتەکان بانگ بکات، و دانیشتنی گوێبیستن ساز بکات و بەڵگە کۆبکاتەوە. دشکرێت لیژنەکە ئەو گازندەیە ڕەتبکاتەوە کە ڕووکەشییە و بێزەمینەیە ، یان ئەوەی کە بە ئاشکرا دیارە کە هەڵبەستراوە. ئەکرێت هەندێ گازندە ، کە دەکەونە دەرەوەی دەسەڵاتی یاسایی IECI وە، ڕەوانەی لایەنی تایبەتمەند بکرێن. یاساکان کاتی دیاریکراو دەستنیشان ناکەن بۆ وەرگرتنی بڕیار ، بەڵام ئەوەیان تیا هاتووە کە دەبێ زوو بەڵگەکان بە شێوەیەکی بێلایەنانە تاوتوێ بکرێن.

هەروەها گازندەکان دەکرێت بدرێن بە هەر نووسینگەیەکی ( هەڵبژاردن لە دەرەوەی وڵات)، تاوەکو بەڕێ بخرێن بۆ IECI. نووسینگەکانی دەرەوەی وڵات دەتوانن پێشنیاری خۆیان پێشکەش بکەن لە سەر چۆنێتی دیاریکردنی بابەتەکە. نووسراوی (بنەماسازیی بۆ گازندە و ناکۆکییەکان) ئەو بابەتانە ڕوون دەکاتەوە کە لە یاساکەدا هاتوون. هەروەها نووسینگەی تایبەت بە گازندەکان دادەمەزرێنێت ، لەگەڵ دابینکردنی ستاف و کەرەستەی پێویستدا بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی. نووسینگەی تایبەت بە گازندەکان ڕاپۆرت دەدات بە لیژنە بەرپرسەکە. بنەماسازییەکان کۆمەڵێ ڕێسایان دیاری کردووە لە سەر چۆنێتی وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی گازندەکان، و لە سەر ئاگادارکردنەوەی کەسانی پێوەندیدار. گازندەکان بە گشتی بە پێی کاتی وەرگرتنیان ڕێکدەخرێن، و هەر کاتێک بکرێت کاریان لە سەر دەکرێت. (بنەماسازییەکان) لە کۆتاییدا ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە گازندەکەر و کەسەکە یان ئەو ڕێکخراوەی تاوانبار کراوە و چاودێرە مۆڵەت پێدراوەکان (مافی زانیاری)یان هەیە.

| |
|---|
| **لیستی گرنگترین ئەو ڕێکخراوانەی ڕۆڵ دەبینن لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا:-** |
| |
| IECIکۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق http://www.ieciraq.org |
| |
| ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە لە ساڵی 2004 دا بە پێی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی عێراق دامەزرا، تاوەکو یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد لە ماوەی نیو سەدەدا لە عێراق ڕێکبخات و سازبکات. |
| |

| | |
|---|---|
| EIN تۆڕی زانیاری هەڵبژاردن لە عێراق | http://www.iraqiein.org/ |
| | |
| ڕێکخراوێکی ناحکومییە بە مەبەستی پشتگیریکردنی پرۆسە دیموکراتییەکان و هەڵبژاردنی ئازاد و دروست، دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە ڕاهێنان و گەشەپێدانی فراوانترین تۆڕی چاودێرانی ناحیزبی(نزیکەی 10000 کەس) ، ئاسانکرد. | |
| | |
| EU یەکێتی ئەوروپا | http://europa.eu.int/comm/world/iraqsit |
| | |
| یەکێتی ئەوروپا یارمەتی قۆناخی گواستنەوەی سیاسی و ئابوری عێراق دەدات. پشتگیریکردنی پرۆسەی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ بەشێکن لە بانگەوازی ئەوروپی بۆ دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. | |
| | |
| IFES دەزگای نێونەتەوەیی بۆ سیستمەکانی هەڵبژارد | http://www.ifes.org/ |
| | |
| ڕێکخراوێکە کە یارمەتی دیموکراسی و ئاراستەکردنی حکومەت دەدات. چالاکی لە پتر لە 100 وولاتدا سازدەکات . ئەو چالاکییانە بۆ پارە نیین و چالاکی حیزبییش نیین. ڕاوێژی تەکنیکی پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی حوکم و دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان کرد لە بارەی چوارچێوەی ڕێکخستن و چالاکی دامودەزگایی پێویستەوە بۆ هەڵبژاردن ، بەو شێوەیەی کە لە یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی عێراقدا هاتووە | |
| | |
| IMIEکۆمیتەی نێونەتەوەیی هەڵبژاردنەکانی عێراق- | http://www.imie.ca |
| | |
| IMIE کۆمیتەیەکی نێونەتەوەییە لە دیسامبری 2004 دا دامەزرا، شارەزایان لە گرنگترین ڕێکخراوەکانی هەڵبژاردن لە زۆر شوێنی جیهانەوە کۆ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن لە عێراقدا هەڵبسەنگێنێت. هەروەها شارەزا و هەڵسەنگاندنی تایبەتمەند پێشکەش دەکات، و توانای هەڵسوڕانی هەڵبژاردن زیاتر دەکات لە کاتێکدا پرۆسەی سێ هەنگاوەی هەڵبژاردن لە 2005 دا لە عێراق سازدەکرێت. | |
| | |
| IOM ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کۆچ | http://www.iom.int/ |
| | |
| ئەم ڕێکخراوە مەزنترین ڕێخراوە لە جیهاندا بۆ کارکردن لەگەڵ کۆچەران و حکومەتەکاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی کۆچکردن. ئەم ڕێکخراوە بەرپرسی بەرنامەی (دەنگدانی دەرەوەی وولات)ە ، کە بۆ عێراقییەکانی هەندەران ئامادەکراوە. | |
| | |
| IRI ئینیستیتیوی نێونەتەوەیی کۆماریی | http://www.iri.org |

| |
|---|
| |
| یارمەتی گەشەکردنی ئازادی سیاسی و ئابوری و حوکمکردنی دروست و مافەکانی مرۆڤ دەدات لە سەرانسەری جیهاندا، لە ڕێگەی پەروەردەکردنی خەڵک و پارت و حکومەتەکانەوە لە سەر بەها و پەیڕەوە دیموکراتییەکان. |
| |
| NDI ئینیستیتیۆی دیمۆکراتی نیشتیمانیی بۆ کاروباری نێونەتەوەیی http://www.ndi.org/ |
| |
| ئەم ڕێکخراوە لە واشنتۆنە. بۆ پارە و قازانج دانەمەزراوە، کار بۆ ئەوە دەکات دیموکراسی لە سەرانسەری جیهاندا بەهێز بکات و بڵاووی بکاتەوە، و ڕۆڵی چالاکانە دەبینێ لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنیدا و لە پارتە سیاسییەکانی عێراقدا. |
| |
| UNAMI - کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق http://www.uniraq.org/elections |
| |
| نەتەوە یەکگرتووەکان بە قووڵی بەشدارە لە ڕاوێژ پێشکەشکردن و یارمەتیدانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ سازکردنی هەڵبژاردنی باوەڕپێکرا و گشتی. تییمە 36 کەسییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی تەکنیکی نێونەتەوەیی و چالاکی و توانای گەشپێدان و ڕاهێنان و بەرنامەکانی زانیاری دەنگدەر، پێشکەش دەکات. |